# ئه لی ئه شره فی ده رویشیان و
# ئه ده بی به خه م ته نراو

ئاماده کردنی: ڕێناس جاف

ئه لی ئه شره فی ده رویشیان، ده نگێکی ناسراوی ئه ده بی ونووسه ریێکی کارامه و ئازادیخوازی کوردی فارسی نووسی ئه م سه رده مه ی نێو ئێرانه که هه لگری هه گبه یێکی پڕ ره نگینی ئه ده بی یه و جێ په نجه ی به سه ر ئه ده بی ڕۆماننووسی ئێرانه وه گه لێ ڕوون و خۆیایه.
ده رویێشیان ئه و که له نووسه ره یه هه رکه لیی نێزیک بکه و یه وه ئه و ده م زێتر له شکۆ و مه زنی ده گه ی و په ی به وه ده به ی چه نده گه وره یه.
پتر له چل ساڵی خشته ده نووسیَ و هه ویێنی زۆربه ی به رهه مه کانیشی ، کۆمه لگه که ی کورده وارییه.
ده رویێشیان نووسه ریێکه ڕاسبێژانه مامه له ده گه ل قه له مه که ی و خه لک ده کات و هه ر ئه مه ش یه ک له ڕه مزه کانی سه رکه وتن و به ره و پێشه وه
چوونیه تی. ڕاسته به نووسین و له چاپ دانی ڕۆمانی چوار به رگی : "هه وره سالان"، نێوبانگی ده رکرد وناوی پتر که وته سه رزاران، به لام هه ر له و ده مه وه ی
یه که م کورته چیرۆکه کانی به چاپ گه یشتن و چینی ڕووناکبیری ئێران، فره تر له گه ل برشتی خامه که ی ئاشنا بوون، ناوی وه ک تۆپ ده نگی دایه وه.
ئێستیَ ڕاسته وا بۆ 25 ساڵێک ده چیَ به رده وام وا له ژێرنسیَ و سێبه ریێکی قورس و گراندا و دایمه تاقمیَ قه ل ودال ، ئه یخه نه بن چاودێری خۆ و به شوێن سێبه ریا ده گه ڕێن، به لام ئه م نووسه ره بیر سه ربه سته قه ت کۆلی نه داوه و سه نگه ر و مه ته ریێزی ئه ده بی چۆل نه کردووه و له هه ر کوێش بووه، ئازایانه ڕا و بۆچوونی
خۆی ده ربرِیوه. ئه مانه هه موو بۆ ده رویێشیان، ده سکه وتی مه زنن و ئه م نووسه ره نێو ئاشنایه ش ، قه دریان ده زانیَ ووه فاداره به و په یمانه ی ده گه ل قه له مه که ی و گه ل به ستوویه تی.
به م ڕۆژانه ئه م نووسه ره گیان سه ربه سته، له گفت و گۆیێک ده گه ل هه والده ری خوێندکارانی ئێران"ئیسنا"، سه باره ت به ئه ده بی ئه م سه رده مه ی ئێران
وتی: ئه ده بی خه ماوی له جیهانی سیَ به تایبه ت له ئێران پتر له ئه ده بی ڕۆژاوا ، په ل و پۆی هاویشتووه یان به واتاییکی دروستر ئه م خه مه زێتر له ئه ده بدا ئێمه دا خۆ ده نوێنیَ.
ئه م ڕۆماننووسه کورده ئێرانییه هه ر وه ها وتی : ئه ده بی خه ماوی که م تا کورتێک له نێو ئه ده بی هه موو گه لانی سه رزه وی دا ده بینریَ. له چه ن به رهه مێکی وه ک"به له نگازان" ، به رهه می ڤیکتۆر هۆگۆ دا، زۆر تابلۆی خه ماویت به ر چاو ده که ویَ. به لام ئه

و خه مه  به ڕاده ی خه می نێو ئه ده بی گه لانی جیهانی سێ و ئێران نییه.
ئه ده بی ئێران له به ر بارودۆخی کۆمه ڵایه تی و هه ڵکه وتن له سه ر ڕێی قه وم و ئه تنیکه کانی جۆربه جۆری وه ک عه ره ب و مه غول، پڕ که وتۆته به ر کارتێکه ری ئه وان.
ئه لی ئه شره فی ده روێشیان پاشان وتی: هه ل و مه رج ودۆخی جڤاکی که سه ره تاکه ی، ئه شق و ئه وینێکی ئاوێته به خه م و نه گه یشتن به گراوییه، ئه ده بێکی خه ماوی بۆ ئێمه به جێ هێشتووه.
به وته ی "سیمین دانشوه ر*"، به گشتی ژیان زۆر گریاناوی ده نوێنێ.
هه ر چلۆنێ بێت ئێمه ژیانمان  به سه ر کردووه و زۆریش سه رکوت کراوین.
ده روێشیان ئه ده بی 25 ساڵی ڕابوردووی ئێرانی، به ئه ده بێکی ته واو خه ماوی له قه ڵه م دا و وتی: ڕاسته به م ساڵانه زوانی ته نز  تێکه ڵ به ئه ده بی ئێمه بووه
به ڵام  خه م تان و پۆی ئه م ئه ده به ی ته نیوه و هێشتاش نه مانتوانیوه گه شه به ئه ده بی ته نز بده ین.
لاوانی ئێمه ئێستێ ژیانێکی پڕ خه مین و خه ماوی وه پشت سه ر ده نێن، مه گین ڕووداوێک بقه ومێ باره شادییان بۆ بێنێ.
ده روێشیان هه ر وه ها سه باره ت به و ڕوانگه و بۆچوونه ی که ئه ده بی ڕۆژاوا ئه ده بی شادییه، وتی: له "دۆن کیشۆت"داکه سه ره تای چیرۆکنووسی ڕۆژاواییه،
 خه مێکی نه پندی وشاراوه ده بینرێ.
له ڕاستیدا دۆن کیشۆت ته نزێیکی خه ماوییه و ناکرێ به شادی له قه ڵه م بده ین. له ئه ده بی ئێمه دا که سادقی هه دایه ت پێشه نگی کاروانی ئه ده بی چیرۆکنووسی
هاوچه رخه، نووسه رێکه په ی به خه ماوی بوونی کۆمه ڵگه که مان بردووه و له به رهه مه کانیا ئه و خه مه به زه قی ده بینرێ.
چونکه ئه و به و هه سته ناسکه ی، له بارودۆخێک دا ده ژیا که به ده س زۆربێژی، ملهوڕی، نه بوونی که ره سته ی چاپی چیرۆکه کانی و نه خوێنده واری خه ڵک و دوورکه وتنه وه یان له ئه ده ب  ده یناڵاند.
ئه و ڕووداوانه ی له ژیانی ئه ودا قه ومان، به ره و ئه ده بی خه ماوییان برد.
ده روێشیان بڕوای وایه هه موو ڕۆمانه به نێوبانگه کانی دونیا، هه وێنه که یان
خه مه. پاشان وتی: له ئه ده بی ئێمه دا به رده وام خه م و په ژاره یێکت به ر چاو دێ
که ئه و خه م و په ژاره ده گه ڵ خه می نێو ئه ده بی وڵاتانی جۆربه جۆر تۆفیری
 هه یه . ئه وه ش دیاره ئه گه ڕێته وه بۆ ره وشی ژیان و گوزه ران.
نووسه ری ڕۆمانی به نێوبانگی "هه وره ساڵان" له درێژه دا وتی: ئه ده بی ئێمه پاش
سه رکه وتنی شۆڕشی گه لانی ئێران، تووشی خه مۆکی یه کی زێتر بووه چونکه تووشی
به تووش گه لێ ڕووداوی تاڵ و ناخۆشه وه بووه، وه ک شه ڕ و ... گه ر بمانه وێ ڕوو بکه ینه نووسین، ناکرێ خۆمانی لێ لاده ین، هه ر ئه و پرسه ش ئه ده بی ئێمه ی
زێتر به و ده رده بردووه.

*[1] یه ک له ڕۆماننووسانی به نێو بانگی ئێستای ئێرانه که
کاریگه ریێتی به سه ر ڕۆماننووسانی لاو و گه نجه وه
ڕوون و ئاشکرایه. سیمین دانشوه ر هاوژینی چیرۆکنووسی
ناسراوی ئێرانی نه مر جه لالی ئالی ئه حمه ده.

[1] په یڤێک: به شی دووه می ئه م نووسراوه له
ڕۆژنامه ی" شه رق" ی ئێرانی وه رگیراوه که کردوومه
به کوردی.